# بۆ ئیل بیس پێرسرلی

سەلاح کەریم حوسێن (سورخی)
(سوێد)

منی پەمەیی و مێشە خۆڵەمێشییەکان
لە یەک پیاڵەدا مەی دەخۆینەوە
کە من بێم
ئەوان دەفڕن
کە ئەوان دێن
من دەڕۆم
ئا گیانی گیانە پاکەکەم
ئاسمان پەردەی ڕۆحی مردووەکانمانە
بەسەرماندا دادراوەتەوە
هەموو ڕۆژێ پێ بەسەر جەستەی
مردووەکاندا دەنێین و بەسەریاندا بازدەدەین
ئای بۆ هێلانەیەک لە ئاسماندا
چۆن بەسەر زەویدا بڕۆم
نەشتوانم ڕوو لە ئاسمان وەربگێڕم
لە ئاسمان زیز نیم و ناشتوانم زەوی جێبهێڵم
من و مێشە پەمەییەکان
لەگەڵ شەیتانی ڕەنگاوڕەنگی ڕۆح سپی
لە یەک پیاڵەدا دەخۆینەوە
گێژ و مەست دەسووڕێنەوە
بە ماچێک دێمەوە سەر سەما
دەترسێم تۆ نەبی و خۆشەویستیم ڕوو لە خوا کا
ڕوو لە بەرد و ڕوو لە خۆمیش
دەترسێم لە جیاتی تۆ
بەرد و چنگێک خۆڵ و درەختێک لە باوەش بگرم
ماچی دیوارێک بکەم و ڕووشم لە ئاو و ئاسن
لە هەمان پیاڵە
من و گوڵی ناو گوڵدانەکەم
لەگەڵ مێشەکاندا دەخۆینەوە
بەشی تۆ ئەی هاوڕێکەم
ئیل بیس دەهێڵمەوە

ئابی ٢٠٠٧ ستۆکهۆڵم



ئیل بیس پێرسرلی: گۆرانیبێژێکی ئەمریکییە لە وڵاتەکەی خۆی نازناوی پاشای گۆرانی دراوەتێ.